www.kurdistannet.org
16-5-2007 14:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ بیر ناکەیتەوە لە هۆنراوەکانم ... شەماڵ جاف

کە من چەندە تۆم
خۆش دەوی
تا کەی ئەو دڵە پڕ حەسرەتەی من
لە چاوەڕوانی دا
بمێنێتەوە.
بۆ بیر ناکەیتەوە لە پیت و ووشەکانی
شیعرەکانم..
دەست لە سەر سینگ بۆت وەستاون
پیتەکان، وەك ماسی دەریا
چاو ئەبڵەق ماون
بۆ دیداری چاوی تۆ
ووشەکان، سووجدە بەرن
بۆ پەیکەری جوانی تۆ
لە ژیانی چوار بەهاری خۆشەویستیمان دا
تەنها بۆ جارێکیش
نەمدی تۆ گوڵێکی زەردم پێشکەش بکەیت و
تا سۆزی ئەم عەشقە پاکە
لە گۆڕ بنێم و تۆ
لە بیرە خۆم بەرمەوە
نەك بە یەك جاری ماڵ ئاوایم
لی بکەیت و
ئاوڕێك لە یادگاریمان نەدەیتەوە!!

Shamal_love_1980@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.